# بەشداریکردن لە کۆمەڵگا

## چۆن دەتوانین یارمەتی بدەین

ئاپریلی 2011

Community - Kurdish

داهاتن لەگەڵ ژیان لە سکۆتلەندا دەتوانێت هەستەم بێت بەڵام رێکخراوی زۆر هەنە کە زۆربەیان لە ژێر پشتگیریی ئێمەدا چالاکی دەنوێنن و شوێنگەلێکی ئایدیالن بۆ یارمەتیدانی ئێوە.

**کارگێرانی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی چۆن دەتوانن یارمەتی بدەن**

تیمەکەی ئێمە خزمەتگوزاریی راوێژکارانە و پێوەندیدار بە زانیاریی پێشکەشی ئەو پەناخواز و پەنابەرانەی دەکات کە دەیانەوێت بۆخۆیان نوێنەرایەتیەکانی رێکخراوەکان بخەنە گەڕ. هەروەها، ئێمە خزمەتگوزاریی راوێژکارانە پێشکەشی ئەو دەستە لە کۆمەڵگا خۆجێییەکان دەکەین کە خزمەتی پەنابەران و پەناخوازەکان دەکەن یان یارمەتیان دەدەن کە دابێن لەگەڵ کۆمەڵگای نوێ.

ئێمە بەو مەبەستە چالاکی دەنوێنین کە دڵنیا ببینەوە کە رێکخراوەکانی پەنابەری و ئەندامەکانیان لە هەموو ئاستەکانی سکۆتلەندا دەوری جێی سەرنج دەگێڕن.

هەروەها ئێمە دەتوانن هەندێ زانیاریی لەسەر رێکخراوەکانی کۆمەڵگای پەنابەران (refugee community organisations) و ئەو رایەڵانەی پێشکەش بکەین کە خزمەتگوزاریی، راوێژکاریی و زانیاریی پێشکەشی پەنابەران و پەناخوازەکان دەکەن لە شوێنی ژیانی ئەواندا.

ئێمە لەگەڵ دیکەی دامەزراوەکان و ناوەندەکانی خزمەتگوزاریی کە لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای پەنابەران پشتگیری دەکەن، لە پێوەندیداین و دەتوانین لەبۆ یارمەتی ئێوە بنێرینە لایان.

**رێکخراوەکانی کۆمەڵگای پەنابەران (RCOs)**

زۆربەی پەنابەران لە سکۆتلەندا رێکخراوەی کۆمەڵگای پێوەندیدار بە خۆیان دامەزراندووە. ئەم رێکخراوانە هەندێ دەرفەت لە بۆ چاوپێکەوتن و ناسیاوی هاووڵاتییانی ئەوان لە وڵاتی سەرەکیاندا و گۆڕینەوەی ئەزموونەکان، کێشەکان و دۆزینەوەی رێکارەکان دابین دەکەن. گروپگەلێکی بەتایبەتی-ژنانەش هەن کە تیایاندا ژنان پێکەوە دیدار دەکەن و بە گۆڕینەوەی ئەزموونە تایبەتیەکانی خۆیان یارمەتی ئەو ژنانەی تر دەدەن کە کێشەو پەرۆشی هاوشێوەیان هەیە. ئەم گروپانە دەتوانن یارمەتیتان بدەن کە لە کۆمەڵگای خۆجێیی خۆتاندا بەشداری بکەن، کەلەپووری خۆتان بە هاوبەشی دانێن و خزمەتگوزاریی پشتگیریی پێشکەشی دیتران بکەن.

**دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر**

بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر، بریتی لە زانیاریەکانی پەیوەندی کردن بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای پەنابەران سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن:

http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/how_we_can_help/i_want_to_get_involved_in_my_community/refugee_community_organisations

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەند دامەزراوەیەکی خێرخوازی تۆمارکراو لە سکۆتلەندە. ژمارەی دامەزراوەی خێرخوازی تۆمارکراو: SC008639

**ڕایەڵەکانی یەکگرتن**

ڕایەڵەکانی یەکگرتن (Integration Networks) لە گلاسکۆدا گروپگەلێکن لە ڕێکخراوە خۆجێیەکان، گروپگەلێک لە کۆمەڵگای پەنابەران و دڵخوازانێ کە بۆ پەنابەران و پەناخوازان لە شوێنی ژیانی خۆیاندا خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکەن و بەرنامەیان بۆ دادەڕێژن. ئەم خزمەتگوزاریانە بابەتگەلێک وەک پێشکەشکردنی زانیاریی و ڕاوێژکاریی، پۆلەکانی زمانی ئینگلیزی، خزمەتگوزاریی پشتگیریی نهێنی نافەرمی (drop-in services)، هەندێ چالاکی بۆ منداڵان و گەورەساڵان، لەوانە خزمەتگوزاریی و چالاکی تایبەتی بۆ ژنان، بەرنامەی کەلەپووریی و پشتیوانی هەستیارانە و کردەوەیی لەبەر دەگرن.

**دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر**

زانیاریی زۆرتر بریتی لە زانیاریی پەیوەندی کردن بە ڕایەڵەکانی یەکگرتن لە گلاسکۆ لەسەر ماڵپەڕی ئێمە ببینن:
http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/how_we_can_help/i_want_to_get_involved_in_my_community/integration_networks

**شێوازی پەیوەندی کردن بە کارگێرانی بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی ئێمەوە**

ئێوە دەتوانن لە ڕێگای ئیمەیلی cdenquires@scottishrefugeecouncil.org.uk یان ژمارەی 0141 248 9799 پەیوەندیمان پێوە بکەن تاکو لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی تیمەکەی ئێمە قسە بکەن. ئێمە تیمێکی بچووک و خاوەن توانستی کەم و سنووردارین؛ کەواتە ناتوانین خێرا داواکاریەکەی ئێوە دابین بکەین. بەوەشەوە، تێدەکۆشین لە زووترین کاتدا پەیوەندیتان پێوە بکەین.